# بۆكوێ ئەچیت ؟

كۆژان كەلار
1991-1990

ئەی مرۆڤی نامۆی شاری باپیرانت
بەم ئێوارە مەرگ لە كۆڵە
سەری كاس و باری شانت
بۆ كوێ ئەبەیت لە كوێ ئەخەیت ؟
شەو درەنگە
سروەی نایە  شار بێدەنگە
خەڵكی شاریش
پێڵوی خەویان لەیەک ناوە
هەریەک بۆ ئاسمانێ دەفڕێت
یەكێ ملی زۆردارەكەی قرتاندوە
یەكێ كوشكی چەن نهۆمی ئەكاو ئەكڕێت
تۆ مرۆڤی چوار پەل تەزیوو!!
بە ئەم شەوە درەگ وەختە
بۆ كوێ ئەچیت ؟
پریاسكەی خەم لە كام ڕێگا
لە كانیاوی كامن جێگا
ڕائەخەیت و بە تەوری ڕق
كامن چیای سەختی ژینت دا ئەپاچیت؟؟
لەپێ جێگا بێ بۆن خوێنت چنگ ناكەوێ
زڵەی چاوتی تیا بسڕی
بەئەم شەوە نوتک دارە گرێی دەروون
خۆزگەی نامۆت
ئەكەیتە میوانی چ بەردێک
خەونی سەوزو وەنەوشەییت
ئەكەیتە تۆوی چ هەردێک
بۆ كوێ ئەچیت  ؟
لەمە زیاتر لاشەی سیست
بەرگەی قەڵای خەمت ناگرێت
خۆ دەلاقەی خەمەكانت  دەربەندێكە
بە تۆ تەنها پینە ناكرێت
باش بزانە
لە ئەودیوی ئەم ژیانەش
جیگا فەرشی لاقی چرچ و
لەپ زبرێكی وەک تۆ نیە

پەری شەیتانی خەون نیە
بۆ کویێ ئەچیت ؟
لە هەر کویێ بیت هەر ملکەچیت
لە هەر کویێ بیت ئاسمان ڕەشە
بۆ هەر کوێەک هەنگاو بنێیت
سێبەری خوا
ناوکی کۆرپەی خەمەکانت بۆ ئەبڕێت
بۆ هەر شوێنێک بیرت ئەڕوات
ژانت بەشە
ئەی مرۆڤی وەک خۆڵەمێش
وەی شارەزای تامی خەم و گریەی پڕئێش
باروت میوانی بڕناقتە
هەڵپروزان
گرەوەێکی لەبیرنەچووی گەورەکانتە
ئاوارەی وێڵ بۆچی ئەژیت ؟
بۆچی مەمکی شیرتیانەبووی ژیان ئەمژیت؟؟
خوێنت ئەخۆن
دەم ئەنێنە شاڕەگتەوە
لە هاواری تاسانتدا
کەسێ نایە بەدەنگتەوە
کێ لە گریەی شەوەزەنگی ژینت ئەگات
کێ فرمێسکی گۆنای تەڕت بۆ ئەسڕێت ؟
کێ پرزاڵی تیانەچوونت
لەسەر شانۆی ئەم دۆزەخە بۆ ئەبڕێت ؟
کێ دەربەسی برسیبوونتە
کێ لە شارە
کێ بۆ مەرگی گەڵای تەمەن
بەدەم خەزانی زەردەوە
تەنها ساتێک ئەزیەت بارە ؟؟؟
هۆ دێوانەی ئەشق و ئەوین
بە بێ سنگ و بە بێ پەڕو بە بێ باڵ
بۆ ئاسمانی کامن شاری خوێن لێ نەتکاو
باڵە فڕەی مەرگ ئەتگرێت ؟
ئەی ئاوارە
چ لەم شارەو چ لەو شارە
هەر ملکەچیت
تاکەی سەری کاس و وڕت
ئەدەی لە بەرد

**لە کویَ دەروونی وەک گڕت**
**ئارام ئەگرێت ؟**
**ملی ووشەت بە سێدارەی ژیَ دەنگتەوە**
**هەڵواسراوە**
**لە کۆنەوە لەناو دڵی چی پەڕاوی**
**سۆزانیە بۆت نووسراوە**
**یاسای ژیان دەبیَ وابیَ**
**یەک پێکەنیَ و دەگریابیَ**
**دەپێم بڵیَ بە دووچاوی**
**خوێن تێزاوی ژیانەوە**
**بۆ کویَ ئەچیت ؟**
**کام کێوی خوا**
**لە هەرەسی دوا سەنگەری شەوەکانتا**
**دائەپاچیت ؟**